# نامەیەک بۆ بەهەشت: بگات بە دەستی کاکە سەردەشت عوسمان



سڵاو و ڕێز ئازیزم
کاکی برا سەردەشت...

دەستپێک دەبێ بڵێم پلەی بەرزی شەهادەتت و نازناوی شەهیدی قەڵەمت پیرۆز، ئاخر خۆت گوتەنی مردنێک لە پێناو میللەتەکەم شانازییە، بشبوورە ڕەنگە درەنگ بێت بۆ ناردنی ئەم نامەیەم، هەرگیزیش ئەم نامەیەم بە موناسەبات تێمەگە چونکە کار وابڕوات بە بۆنەکان ڕاناگەین، دەمویست شیعریشت بۆ بنووسم یان ڕاستتر شیعر گەرەکی بوو بۆ خاتری تۆ بمنووسێتەوە بەڵام کوا دەهێڵن تامی شیعر بکەین، کوا بوار ماوە خەیاڵ بکەین و فانتازیا بنووسینەوە، دەزانم تۆ ئێستا زۆر بێکاتی و سەرقاڵیت و بە پەرۆشەوە کارەکانت ڕایی دەکەیت، دڵنیاشم قەت دەستبەرداری هەواڵپرسینی ئەم نیشتمانە و خەڵکەکەشی نابیت دیارە ئەمەش کاتێکی زۆری پێویستە و تۆش دەبێ بە کارەکانت ڕابگەیت، لێ هەندێک شت هەیە دەبێ بۆتی ڕوون بکەمەوە و پێت بڵێم دوای تۆ زۆر شت ڕوویدا، هەموو هاوڕێ هاوپیشە هەولێرییەکانت لەلایەن برادەر و خزمانیانەوە گلەیان لێ دەکرێت، هەموویان پێمان دەڵێن واز بێنن و چیتان لەم سەر ئێشییە با شتێکتان بەسەر نەهێنن.

براگیان هەموومان بۆت نیگەران بووین بەڵام ئەوەی نیگەرانمان دەکات ئەوەیە تۆ ئێستا بە سەدان کەسی فزوڵی بۆتە هاوڕێت بۆیە دەبێ لەمەودوا ئەوەندەی سەیرت بە تیرۆکردنی خۆت بێت، ئەوەندەش سەیرت بەوە بێت هەندێک خەڵک هەیە بۆ لە دوای تیرۆرکردنت بوونتە خەمخۆرت، بە تایبەت ئەوانەی تۆ دەتخستنە ژێر پرسیاری جیدی و دواجار بەرانبەر تۆ و میللەتەکەت شەرمەزار دەبوون ئێستا بوونەتە پارێزەر و برای گیانت، بەڕاستی سەیرە برا بکوژەکانت خەمیشت بۆ بخۆن و نیگەرانیشبن، ئاخر دێن بۆ پرسەت و سەرخۆشی لە بنەماڵەکەت و هەڤاڵانیشت دەکەن، بەوەش واز ناهێنن بەڵکو ڕووداوی تیرۆرکردنەکەت دەشێوێنن تا کەس گومانیان لێ نەکات، لێ خەمت نەبێ بۆ هەمووومان ڕوونە با خۆیان بکەن بە ئەستێرەی سیویلیش هەر دەیانناسینەوە و دەیانبینین.

چاک لە بیرم نەماوە لە چ ڕۆژێک بوو یەکتریمان ناسی، ئەوەندە دەزانم هێشتا نەمان دەزانی دونیا ئەوەندە جەنجاڵ و پەنهان و پڕ لە نەهێنییە، هێشتا بە خەمە گەورەکان ئاشنا نەببووین، دوای زەمەنێک دابڕان قەدەری ئەم میللەتە منی لە (دهام)کرد بە (ئارێز)، تۆی لە (سەردەشت)کرد بە (سەرۆ و دەشتی)، ئێمە نەمانویست بنووسین ئێمە هەوڵی خۆ دەرخستنمان نەبوو، ئەم خەمە گەورانە ئێمەیان دەرخست، ئەم هەموو نیگەرانییە قەڵەمی لەناو دەستەکانماندا بە گەڕ خست، ئێمە ویستمان لە ناو مێژوودا ئیشێک بکەین بۆ ئەم میللەتە کەچی مێژوو ئێمەی لە نێو خۆیدا تواندەوە و پەراوێزی خستین و بە نیگەرانییەکانی سپاردین، ببورە ئیدی ڕەوتی ژیان دەڕوا و چاوەڕێی کەسمان ناکات.

بیرمە سەردەشتی برا، لە باخچەکەی کۆلێژی زمان کە من و تۆ چەند هاوڕێیەکی تر باسمان لە نیگەرانییەکانی ئەم نیشتیمانە دەکرد، باسمان لە جگەرگۆشە بێنازەکەی پەشێو دەکرد باسمان لەو قات و قوڕیە بێتامەی ئەم مەملەکەتە و خۆزگەمان دەخواست ڕۆژێک بکوژانی تەیرەکەی سەر منارەی مزگەوتی خانەقا دادگایی بکرانایە، تۆ بە زەردەخەنەیەکی بێئومێدانە پێمت وت: ئەوەندە دەم بە ڕەخنە مەبە برا بۆ هەولێر چی بۆ نەکراوە ئەو هەموو دار خورماییان لەسەر شەقامی شەستی چاندووە! ئەوڕۆ سبەکی دەیکەنە دەستەخوشکی دوبی، دوایش برا با ئەو پیاو چاکانەی خۆمان (پخت) نەکەن، لێ قەدەر وای ویست و جەلادەکانیش ماڵیان نەشێوێ تۆیان زوو فڕاند ئەوان نەیان دەزانی تۆ سەدان پڕۆژەت بۆ ئەم مەملەکەتە پێیە، هەستیان بەوە نەکرد تۆ ئەم وڵاتەت چەند خۆش دەوێت و ئامادە نەبوویت شارەکەی خۆت بۆ بکوژەکانت چۆڵ بکەیت، نەیانتوانی لەوە بگەن تۆ پەپولەیەکیت و بە شیلەی هزرت گەرەکتە هەنگوینی سەرفرازی بۆ کوڕان و کچانی ئەم گەلەی خۆت بەرهەم بهێنیت، دەزانم بەلای تۆوە گرینگ نییە تیرۆرکرای، دەزانم ئازار بەوە دەخۆیت ئەوان لە خەیاڵ تێناگەن و سزای خەیاڵپلاوانیش دەدەن، باش ئەوە دەزانم تۆ زوو زوو لە بکوژانت خۆش دەبیت، تۆ ناتەوێ چیتر مەرگی جەلادەتی کۆترەکان ببینیت، تۆ لەوە پاکتر بوویت ڕقت لە ئینسان بێت، چونکە تۆ هەستت بەوە دەکرد ئەو کۆمەڵگایەی جەلاد بەرهەم دەهێنێت پڕە لە نایەکسانی و نا دادی، باش واقیعی ئەم جڤاکەت هەڵسەنگاندبوو بۆیە دڵنیام هیچت لە دڵ نەمایە و ئێستا دەتەوێ هەنگاوەکانت دەست پێبکەیتەوە، برا چاک دەزانم ئەگەر بۆشت باس نەکەم تۆ هەر پێی دەزانی، ئێستا تۆ بوویتە باشترین کەرستەی موزایەدەکردن و بازرگانی بە خوێنت دەکرێت، بە داخەوە کاکە سەردەشت هەرچەندە ئێمە نیگەران بووین بە هەواڵی تیرۆرکردنت بەم شێوە درندانەیە بەڵام دڵنیام ئێستا تۆ لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم نامەیە زەردەخەنەت دێت چونکە ئەو شوێنەی تۆی لێیت دوورە و دەستی مرۆڤکوژەکانیان ناگاتێ، ئاخر دڵنیام بەهەشت کەسانی دوو ڕوو بەخۆوە ناگرێت، ئەو کەسانەی کە لەسەر شاشەکان وەک کۆتری ئاشتی خۆیان نمایش دەکەن و، لە ژێرەوەش هەزران پیلان بۆ سڕینەوەی خەیاڵ و بیروڕای جیاواز و هونەر و ئەندێشەی جوان و هزری ئازادمان دادەڕێژن، سەیرە برا سەیر لەناو شارێکی ئەمین وەک بەرپرسانمان ناوزەندی دەکەن، سەرباری بەهەدەر ڕۆیشتنی سەدان هەزار دۆلار بۆ دەزگا ئەمنیەکان کەچی تۆ دەبەن و دوای ئەوەی بەدەیان بازگەتدا دەپەڕێننەوە لە شارێکی تر تیرۆرت دەکەن، بریا وایان نەکردایە هاوڕێ نازانم چۆن دەستیان چووە خوێنت تۆ بڵێت ئەم بکوژانە ئیحساسیان نەبێ، نازانم چۆن دەتوانن تۆ بڵێت خۆیان منداڵیان نەبێت دەبێ ئەوە نەزانن کە جەرگسوتاوکردنی دایک و باوک چەندە بە ئازارە، ببورە برا ڕەنگە زیاد لە پێویست کاتتم گرتبێت، بەڵام دڵنیابە تۆ لە هەمووومان ئاسوودە تریت، ئاخر تۆ خۆت ڕات وابوو لە پێناو ئەوەی میللەتەکەم هۆشیار بکەمەوە سەرم پێشکەش دەکەم، بنوو هاوڕێ تۆ دڵخۆشترین ئینسانی کوردیت چونکە نەتتوانی زارت ببەستی و دەست بە شەبقەی بێباکیتەوە بگریت نەوەک بای مەرگی نا وەخت بێت و ڕاپێچت بکات.

سەرم ئێشاندیت هەر بە خۆشی بژیت و سەرکەوتوو بیت.

تێبینی: برا پەلەش مەکە هەر کاتێک ئەم لیژنەیە کارەکەی خۆیان تەواو کرد، نامەت بۆ دەنووسم و ناوی بکوژەکانیشت پێ دەڵێم، هاوکات کە وێنەی ئاهەنگی دەرچوونەکەشت هاتەوە بۆتی دەنێرم.

لەگەڵ ڕێزدا....



ئارێز سکۆ (دهام)

# ئاسایشی نەتەوەیی لە کوێیە؟

من یەکێک بووم لەوانەی کە هەر زوو بە توندترین شێوە تیرۆرکردنی خوێندکار (سەردەشت عوسمان)م شەرمەزار کرد. بێگومان ئێستاش هەر لەسەر هەمان هەڵوێستم و ئەم کارە نامرۆڤایەتییە بە شتێکی قێزەون دەزانم. هەروەها سەرلەنوێ نارەزایی خۆم لە بەرامبەر ئەمە و هەر کردەوەیەکی ناشیرین و ناڕەوای تریش دەردەبڕم کە ڕووبەڕووی هاووڵاتی و هاوزمانانی وڵاتەکەم ببێتەوە. لێ ئەوەی کە جێی داخە لە کوردستان، باشووری نیشتمان، تەنانەت کوشتن و تیرۆرکردنی مرۆڤیش وای لێ هاتووە کە لە بەرژەوەندی ئەم و ئەو حیزب بقۆزرێتەوە و سوودی لێ ببینرێت. یانیش هەندێ لایەن بێن ئەم کاری تیرۆرکردنە بدەنە پاڵ ئەم یا ئەو، هەر تەنیا بۆ ئەوەی چەند بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی و لاوەکی بۆ خۆیان بە دەست بێنن. کارێکی لەو جۆرە کە خۆی لە خۆیدا کارەساتە قەت نەدەبوو لە شوێنێکی وەک باشووری کوردستان ڕوو بدات. میللەتێک کە خۆی ڕۆژێ لە ڕۆژان و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ بە دەست تیرۆری داگیرکەرانی زێد و نەتەوەوە بناڵێنێت، کەی ڕەوایە لە سایەی ئازادیدا دۆسیەی کوشتنی ئەندامێکی لە لایەن ئەم و ئەوەوە بە مەبەستی چەپەڵی سیاسییانە بقۆزرێتەوە و بەکار ببرێت؟!

وا پێدەچێ لە ڕەوشی هەنووکەی باشووری کوردستان کە دۆست و دوژمن چاویان تێبڕیوە، کەسانێک و لایەنگەلێک هەبن کە هەمیشە مرخیان خۆش کردبێ بۆ ئەو ڕۆژەی کە ڕووداوی کوشتن، تیرۆرکردنی مرۆڤێک، ناهەقییەک، یان هەر شتێکی دیکە بکەن بە بیانوو و بەهانە تاکو دەست لە کورد و کوردستان، ماف و هیوا و ئامانج و دەسکەوتەکانیان بوەشێنن. ڕووداوگەلی ئاوەها وەنەبێ تەنیا لە کوردستانی ئێمەدا هاتبێتە پێشەوە و بە مەبەستی جۆراوجۆری سیاسیشەوە ئەنجام درابێت. لە دنیادا نموونەی ئەم چەشنە قەومان و ڕووداوانە کەم نین. خەڵکی وا هەن هەر خوا خوایانە شتێ بقەومێ تا ئاگرەکەی خۆش و خۆشتر بکەن. لەم باشووری کوردستانەدا گرووپ و کەسێتی و هێزی وا هەن باکیان بەوە نییە گەر تەواوی کوردیش بکەن بە قوربانی نیازە گڵاو و ئامانجە سەقەتەکانیان، کە بێگومان بە چ شێوەیەک ناچنە خانەی بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی کوردییەوە. جا بە ڕاست لەم پارچەیەی وڵاتدا ستراتیژیەتێک هەیە لەژێر ناوی ئاسایشی نەتەوەیی؟!

کوشتنی سەردەشت عوسمان لە لایەن دوژمنە خوێنمژ و ترۆکراوەکانی کوردیشەوە بە جوانی کەڵکی لێ وەرگیراوە. ئەی ئەوە نین کۆنەبەعسی و سەددامییەکان کە لێرە و لەوێ، لە ماڵپەڕە ڕەش و فاشیستییە عەرەبییەکانەوە، کەڵبەی خۆیان لە کورد گڕ کردۆتەوە و دەڵێن لە باشوور نە دیموکراسی و نە مافی مرۆڤ چ بوونێکیان نییە؟ وەک ئەوەی لە سەردەمی دەسەڵاتی گۆڕبەگۆڕی سەددامی ئاغایاندا مەڕ و گورگ بەیەکەوە ئاویان خواردبێتەوە؟؟؟!!! خوا هەڵناگرێ هەندێ کەسی کوردی بەناو ڕۆشنبیر و نووسەریش بە زمانی عەرەبی هێندەی تر قوڕەکەیان بۆ دەشێلن و هەمان دەوری ئەو کۆنەبەعسی و ڕۆڵە سەددامییانە دەگێڕن. ئاخر کوردێک کە ڕقی لە حیزبێکی کوردی، سەرکردەیەکی کورد، بابایەکی خاین و خۆفرۆش ببێتەوە، بە چ پێوەر و لێکدانەوەیەک دەبێ بە مافی ڕەوای خۆی بزانێت، لەبەر ئەمانەی کە باس کران، گەورە و گچکەی نەتەوەیەک، دۆزی مافداری میللەتێک، تاقیکردنەوەی بەشێکی کوردستان بە کەیفی دڵی خۆی شەلم کوێرم ناپارێزم بداتە بەر تەوری زاڵمانەی خۆی و تەڕ و وشکان پێکەوە بسووتێنێت؟!

کاری تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان جارێکی دیکە ئەوەی سەلماند کە کورد چەندی چاو کراوە و زیت و ئاگاداری خۆی بێت هێشتا هەر کەمە. هەروەها دیسان سەلماندی کە ڕەوشی باشوور چەند سەقامگیر و پتەو و ئەمن و ئاسایشی تێدا بەرقەرار بێت، هێشتا کارێکی تیرۆرکردن، لەناوبردنی تاکەکەسێکیش، لەوانەیە کەم تا زۆر سەراوبنی بکات و بیشێوێنێت.

ئەوەی کە مرۆڤ تا ڕاددەیەک دەتوانێ لەم کاری تیرۆرکردنە تێبیگات ئەوەیە کە کوشتنی سەردەشت عوسمان، لەوە دەچێ، تەنیا بۆ ئەوە ئەنجام درابێ تا ڕەوشی باشووری کوردستان لە زۆر ڕووەوە، بە تایبەتی لە باری سیاسییەوە ئاڵۆز بکات و جۆرێک لە پشێوی بنێتەوە. لە سەرەتادا شتەکە وا خۆی نەدەنواند، بەڵام دواتر وردە وردە سەرەداوی ئەم کاری پیلانگێڕییە جوانتر بە دیار کەوت. خۆ لە باشوور ئەمە جاری یەکەم نییە کە کەسێک بکوژرێت، لێ ئەوەی کە جودایە ئەم جارە کاری تیرۆرکردنەکە شێوازی دیکە، بەرسڤی جیا، کێ ناڵێ ئاکامی چاوەڕواننەکراویشی لێ ناکەوێتەوە، بۆ کورد گەلێ گرنگە بەر لە هەر شتێک بیر لە بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی خۆی بکاتەوە. نابێ بە چ شێوەیەک ڕێ بەوە بدرێت کە ئەم تیرۆرکردنەی سەردەشتی جوانەمەرگ بکرێ بە بەهانەی بنپێخستنی شتە سەرەکییەکانی ئەم میللەتە. ئەزموونی باشووری کوردستان وێڕای هەموو کەماسییەکیش دەبێ بەرز ڕابگیرێ.



مەهاباد کوردی / سوێد

# تیرۆرکردنی سەردەشت سەرنجی جیهانیان بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ

تیرۆرکردنی ڕۆژنامەوان سەردەشت عوسمان کە ڕۆژی 4ی ئایار لە هەولێر ڕفێندراو ڕۆژی 6ی ئایار لە شاری موسڵ تەرمەکەی دۆزرایەوە، وەک کارەساتێکی کەموێنە سەرنجی سیاسەتمەدارانی جیهانی بەلای خۆیەوە ڕاکێشاوە.

لەپێوەند بە تیرۆرکردنی ئەو ڕۆژنامەنوسە گەنجە سەرکردەی چەندین لایەنی سیاسی دەرەکی داخباری خۆیان پێشانداوەو داوایان کردوە کە لێکۆڵینەوەی ورد سەبارەت بەو کێشەیە بکرێ، بکوژان بناسێندرێن و بدرێنە دادگە. لەو پێوەندەدا گابریلە کۆنراد سەرکردەی پارتی مارکسیست ـ لینینستی ئەڵمانیا نامەیەکی کراوەی بۆ بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ناردوە کە تێیدا هاتووە: 'ئێمە داواکاری ئاشکراکردنی هۆکارەکان و سەرپەریشتیکار وئەنجامدەرانی تاوانی کوشتنی (زەردەشت عوسمان)ین، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیش دەبێت ڕووبەکۆمەڵگە ئاشکرا بکرێ ورابگەیێنرێ وتاوانبارانیش لەچوارچێوەی یاسادا سزای خۆیان وەربگرن'

هەر لەو پێوەندەدا ڕۆژی 25ی مانگی ئایار بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی پارتی سەوزی سوێدی بۆدیل سیبلۆس، لەگەڵ کاندیدیدکراوی پەرلەمان ڕێبوار حەسەن وەڵامی نامەکەی ڕێکخراوی کوردۆسایدی(چاک)یان داوەتەوە و وەک سیاسەتی پارتەکەیان پێشانداوە، لەسەرەتا نووسیویانە: 'پێشکەوتنی دیموکراتی لەکوردستان دوای تیرۆری ڕۆژنامەنوسان لەژێر هەڕەشەدایە' دواتر نووسیویانە :'بەگرینگی دەزانن کە لێکۆڵینەوەیەکی ورد سەبارە ت بە ئەم تێرۆرەوە بکرێ بۆ ئەوەی ڕووداوی هاوشێوەی ئەوە دووبارە نەبێتەوە.

هەر لە پێوەند بە تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانی ڕۆژنامەواندا؛ قازی مشرق ئەلناجی ئەندامی هەڵبژێردراوی پەرلەمانی عێراق لە لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی عێراق داوای لە حکومەتی بەغدادو حکومەتی هەرێم کردوە کە بایەخ بە لێکۆڵینەوە لە تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان بدەن و تاوانکاران بناسێندرێن و سزایان بدرێت.

ڕۆژی گەل
هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات
خاوەنی ئیمتیاز: ڕێکار ئەحمەد.. ژمارەی تەلەفۆن:07501191497
سەرنووسەر: حوسێن حەسەن .. ژمارەی تەلەفۆن: 07504471631
www.rojigel.com rojiigel@hotmail.com

هەولێر
گەڕەکی ڕزگاری
شەقامی شەست مەتری
نزیک وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە
07501179846

سلێمانی
گەڕەکی ڕزگاری
نزیک مزگەوتی حەزرەتی ئیبراهیم
بەرانبەر زانکۆی ئەمریکی
053219256

کەرکوک
گەڕەکی شۆرجە
بەرانبەر فێرگەی
شۆرجەی کچان
07701325080

ڕانیە
گەڕەکی ڕەشەمێرگ
بەرانبەر بارەگای
پێشمەرگەدێرینەکان
07501163805